کاربەدەستانی پلە یەکی کۆماری ئیسلامیی وەک بڕیاردەری تیرۆری ڕێبەرانی کورد بە جیهانیان ناساند. ئەم دادگایە لە جەرەیانی لێکۆڵینەوەکاندا تەنانەت ئەم ڕاستییەشی بۆ دەرکەوت کە تێرۆری ڤیەنیش هەر بە بڕیاری ئەم تاقمە لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە چووە.

لە ڕاستیدا ئەگەر دادگای میکۆنووس نەبووایە ئەو بێ عەداڵەتیو ستەمە مێژووییەی کە لە ڕووداوی ڤییەن دا لە حیزبی دیموکراتو گەلی کورد کرا، لە ڕووداوی میکۆنووسیش دا دووپات دەبۆوە و ڕاستیو عەداڵەت دەبوونە قوربانیی ساتوسەودا ئابوورییەکانی نێوان ئێرانو ئەڵمان، بەڵام دادگای میکۆنووس بەو پەڕی ئازایەتیو سەربەخۆییەوە بڕیاری خۆی دا و هەڕەشە و ئیمتیازەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەڵمان و کۆسپ و تەگەرەکانی دەوڵەتی ئەو وڵاتە لەسەر ڕێگای دادگا، پێشی بە ئیرادەی دادپەروەرانەی قازی و دادئەستێنەکانی دادگا نەگرت. گرنگ نیە لەو دادگایەدا چەند بەکرێگیراوی نزمی سەر بە سوپای پاسداران زیندانی کران یان نا، گرنگ ئەوەیە تەواوەتی ئەم ڕێژیمە و بەرپرسە پلە یەکەکانی بە تێرۆریست و تێرۆریستپەروەر ناسران و لەسەرانسەری جیهاندا ڕیسوا و مەحکووم کران. هەرچەند تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی نە بە ڕووداوی میکۆنووس دەستی پێ کرد و نە لەوێش کۆتایی پێ هات، بەڵام بێگومان ڕەئیی دادگای میکۆنووس زەبرێکی قورسی لە تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ـ لانی کەم لە ئاستی ئورووپا دا ـ وەشاند.

### دۆستان و هۆگرانی پرسی کورد لە سەرانسەری جیهان!

ڕاستە تێرۆریزم دیاردەیەکی نوێ نیە و ڕەنگە هیچ کات بە تەواوی ڕیشەکێش نەکرێ، بەڵام ئەگەر زۆر جار تێرۆریست و تێرۆریستپەروەران لە تاریکی و پشتی پەردەوە زەبری خۆیان وەشاندوە و شاراوە بوون، کۆماری ئیسلامی بە ڕۆژی ڕوون کردەوەی تێرۆریستیی ئەنجام داوە و بە ئاشکرا پشتیوانیی لە تێرۆریزم کردوە. ئێمە پێمان وایە ئەگەر ئیرادەی جیهانیان لەسەرەتاوە لێبڕاوانە بەرەبەرکانیی لەگەڵ تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی کردبا، ڕەنگ بوو تێرۆریزم بەقەد ئەمڕۆ ئاسایشی جیهانی نەخستبایە مەترسییەوە. حیزبی دیموکراتی کوردستان و گەلی کورد وەک بەناوبانگترین قوربانیانی تێرۆریزم خۆیان لە بەرەی دژی تێرۆردا دەبیننەوە و مەحکوومی دەکەن. ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە میکانیزمی پتەوتر و عەمەلی بۆ پێشگیری لە تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی و ڕێکخراو و تاقمە تێرۆریستەکان دابنێ و نابێ تێرۆریزم بکەوێتە ژێر کاریگەریی پێوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانەوە.

تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی و تێرۆری موخالیفانی ئەم ڕێژیمە بە هیچ جۆر تەنیا کێشەیەکی ئێرانیو نێوخۆیی ئەم وڵاتە نەبووە و نیە، بەڵکوو کێشەکی جیهانییشە و کۆڕ و کۆمەڵە نێو نەتەوەییەکانیش لە بەرامبەری دا بەرپرسن، چونکە ئەم تێرۆریزمە لە سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەم ڕێژیمەش دا پێڕەو دەکرێ و قوربانییەکانی نە بە تەنیا کوردن و نە بەتەنیاش ئێرانین،و نە هەموو تێرۆرەکانیش لە خاکی ئێران دا کراون. لە ئەمریکای لاتینەوە بگرە تا ئورووپا و سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەشێکی زۆر لە کردەوە تێرۆریستییەکان شەقڵی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامییان پێوە دیارە.

قوربانییانی تێرۆری میکۆنووس میوانی ئەنتەرناسیۆنال سۆسیالیست، گەورەترین ڕێکخراوی جیهانی پاش ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بوون. ئەو تێرۆرە لەلایەک دەستدرێژی بۆ سەر گیانی ڕێبەرانی کورد بوو و لەلایەکی دیکەشەوە بۆ سەر سەروەریی نیشتمانیی ئەڵمان و کۆبوونەوەی ئەنتەرناسیۆنال سۆسیالیست. هەر بۆیە ئەم تاوانە، بێڕێزی و سووکایەتییەکی ئاشکرا بە کۆمەڵگەی نیودەوڵەتییش بوو.

### خەڵکی ئازادیخوازی ئێران!

### هێز و ڕێکخراوە سیاسیو مەدەنییەکان!

د. سادقی شەرەفکەندیو هاوڕێیانی لە کاتێکدا لە لایەن تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامییەوە شەهید کران کە خەریکی دیالۆگ لەگەل لایەن و کەسایەتییە سیاسییەکانی ئێرانی بە مەبەستی پێکهێنانی هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیدا بوون. ئەم بایەخدانەی د.شەرەفکەندی بە دانیشتن و دیالۆگ لە گەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەو باوەڕەی حیزبەکەیەوە سەرچاوەی دەگرت کە نەبوونی هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوان هێزە دیموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان و ئێران، هۆی سەرەکیی لەسەرکار مانەوەی کۆماری ئیسلامییە. بەڵام جێگای داخە کە ٢٠ ساڵ دوای شەهید بوونی د.شەرەفکەندی و هاوڕێیانی کە گیانی خۆیان لە سەر ئەم ئامانجە دانا، ئەم یەکگرتووییە بەدی نەهاتوە. نەک هەر بەدی نەهاتوە، بەڵکوو هەر جارەی بە بیانوویەک، ژمارەیەک کەسایەتی و لایەنی ئێرانیی دەرەوەی وڵات، هێرشی نارەوا دەکەنە سەر داخوازەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان. ساڵی ڕابردوو کاتێک حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەیاننامەیەک دا، داوای کرد کۆمەڵگەی نیونەتەوەیی لە بەرامبەر ستەم و هێرشی دەوڵەتانی ناوچە بۆ سەر نەتەوەی دابەشکراو و بندەستی کورد، پشتیوانی لەم نەتەوەیە بکا، شەپۆلێک لە تەبلیغاتی دوژمنانە، بەرامبەر حیزبی ئێمە و بزووتنەوەی حەقخوازانەی خەلکی کوردستان وەرێ کەوت. ئەمساڵیش بڵاوبوونەوەی ڕێککەوتنامەیەک لە نێوان دوو ریکخراوی سیاسیی کورد بووە بە بیانوویەکی دیکە بۆ ئەوەی تاوانە ساوەکانی دوو ڕێژیمی شایەتی و کۆماری ئیسلامی لە دژی بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە کوردستان دووپات بکرێنەوە و حاشا لە فرەنەتەوەبوونی وڵاتی ئێران و سەرەتاییترین مافەکانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران بکرێ. ئێمە بە داخبوونی خۆمان لە بوون و

سڵاو لە شەهیدانی میکۆنووس




خۆنواندنی ئەم جۆرە روانگە و بۆچوونە زیانبارانە ڕادەگەیەنین و لە سەر مافە نەتەوەییەکانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران پێ دادەگرینەوە. هەر لەم کاتەش دا سەرنجی هێز و ڕێکخراو و کەسایەتییە ئێرانییەکان بۆ لای ئەم راستییە رادەکێشین کە بە بێ قبووڵی فرەنەتەوەبوونی خەڵکی ئێران و ڕێزلێگرتن و بەرەسمی ناسینی داواکانیان، نە لە ئێستا دا یەکیەتی و یەکگرتوورییەکی خەباتگێڕانە لە ئاستی ئۆپۆزیسیۆن دا پێک دێ و نە لە داهاتوو دا یەکپارچەیی ولات دابین و دەستەبەر دەکرێ.
چاوەڕوانیی ئێمە لە هەر ڕێکخراو و کەسایەتی وتاکێکی ئێرانیی ئازادیخواز و بەرپرس ئەوەیە دژی ئەم هێرشە تەبلیغاتییە و ئەم جۆرە روانینە چەوتە بوەستنەوە و هاندەری رووبەڕووبوونەوەی ئازایانە و واقیعبینانە لە گەڵ واقعییەتەکانی کۆمەڵگەی ئێران و دانیشتن و دیالۆگ بە مەبەستی لێک تێگەیشتن و دانانی بناغەیەکی پتەو بۆ یەکیەتیی دڵخوازانەی ئێرانی سبەینێ بن.

خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!

کۆماری ئیسلامیی ئێران بیست ساڵ لەوەپێش بەو ئامانجە د. سادقی شەرەفکەندی و هاوڕێیانی تێرۆر کرد کە زەبرێکی گەورە نەک هەر لە حیزبی دیموکرات، بەڵکوو لە بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوەشێنێ. بەڵام بە خۆشییەوە، ئەم حیزبە و ئەم بزووتنەوەیە، سەرەڕای رووبەڕوو بوون لە گەڵ کۆسپ و قۆرتی نەخوازراو و تێپەڕین بە هەوراز و لێژی جۆراوجۆردا، هەر وا چقڵی چاوی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامین. بیروباوەڕی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەک قووڵتر و نەهادینەتر بووە و لەلایەکی دیکەشەوە ناوچەیەکی بەرینتر و رووبەرێکی زیاتری لە جوغرافیای کوردستان گرتۆتەوە. بزووتنەوەی مەدەنی لە گەڵ ئەوەی بە توندی دژایەتیی دەکرێ، پەرەی گرتوە و گەلی کورد هەروا خاوەنی ڕێکخراوترین و بەرچاوترین هێزی سیاسییە بە چەشنێک کە هێزە سیاسییەکانی کورد نەک هەر بە ئاسانی لە پەراوێز ناخرێن، بەڵکوو توانای گێڕانی ڕۆڵی سەرەکیو چارەنووسسازیشیان لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتووی ئێراندا هەیە.
گیروگرفتی سەرەکیی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لەوە دایە کە هەر وا پرش و بڵاوە و هاوکاری و هاوهەنگاویی پێویست لە نێوانیان دا نییە. حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەمە بە کێشەیەکی جیدیو تەنانەت بە مەترسییەک لەسەر قازانجەکانی نەتەوەی کورد لە ئێستا و بە تایبەتی لە هاتوودا دەبینێ. ئێمە هەر وا کە لە چەند ساڵی رابردوو دا نیشانمان داوە، هەوڵدان بۆ پێکهێنانی هاوکاری و هەماهەنگی لە نێو هێزە سیاسییەکانی کورد بە ئەرکی هەرەگرنگی خۆمان دادەنێین. وەک زۆر جاری دیکەش رامانگەیاندوە لێک نزیک بوونەوە و یەکگرتوویی دیموکراتەکان بە ڕێخۆشکەر و دەسپێکی یەکیەتی و هاوکاریی هێزە سیاسییەکان لە ئاستێکی گەورەتر دا دەزانین.

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

بنەماڵەی شەهیدە سەر بەرزەکان!

لە بیست ساڵەی شەهید بوونی د. سادقی شەرەفکەندی و هاوڕێیانیدا جارێکی دیکە پەیمان نوێ دەکەینەوە کە تا سەر بە ڕێگای ئەواندا بڕۆینو هەتا وەدیهاتنی ئامانجەکانیان ڕێگاکەیان بەرنەدەین. دڵنیاین کە گەلی کورد بەو ئاستە لە وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی گەیشتوە کە هێز و توانا بە ڕێکخراوە سیاسی و خەباتگێڕەکانی ببەخشێ بۆ ئەوەی قۆناغ بە قۆناغ جێگای بە تاڵی تێکۆشەرە لەدەستچووەکانیان بگرنەوە. رازی مانەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان دوای ئەو هەمووە زەبرە قورسانە و ئەو هەمووە هەوراز و نشێوە سەختانە بێگومان سەرچاوەی لەبڕان نەهاتووی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە.

سڵاو لە یادو ناوی د. سادقی شەرەفکەندی، فەتاح عەبدولی، هومایوونی ئەرەڵانو نووریی دێهکوردیو هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی،

بەردەوام بێ ڕێگای شەهیدانی میکۆنووس تا وەدیهاتنی ئاواتو ئامانجە پیرۆزەکانیان،

مەرگو نەمان بۆ ڕێژیمی تێرۆریستو تێرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامی.

حیزبی دیموکراتی کوردستان
دەفتەری سیاسی

٢٦ی خەرمانانی ١٣٩١ ( ١٦ای سێپتامبری ٢٠١٢)

## هۆرەی شەوێکی خوێناوی

ڕێبوار کەریمی

ئەم شێعرە بە تایبەتی بۆ ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕۆژنامەی "کوردستان" ( ژمارەی تایبەت بە یادی ٢٠ ساڵەی د.شەرەفکەندی و هاوڕێیانی) نووسراوە.

شەوی ١٩٩٣/٩/١٤ دەستم کرد بە نووسینی شێعرێک بە بۆنەی یەکەمین ساڵیادی شەهیدبوونی دکتۆر شەرەفکەندییەوە. بە گوێرەی ڕێکەوتی تۆمارکراوی نێو دەفتەرە شێعرێکی کۆن، نیوەشەوی بێ کارەبای ١٩٩٣/٩/١٥ سەعات ٢.٣٠ لە نووسینی ئەو شێعرە بوومەوە. ئەم شێعرە یادگارێکی خەون و خولیا و سۆزی هەڵچووی ئەو ڕۆژگارە و تەمەنی مێرمنداڵیمە. ئێستا لە پاش تێپەڕینی ١٩ ساڵی ڕەبەق بە سەر ئەو شەوەدا، وەک ڕێزلێنانەوەیەک لە یادی دکتۆر سەعید و هەموو قوربانیانی ڕێگای ئازادی، سەر لە نوێ بڵاوی دەکەمەوە.



...بەم شەوانە
کەزیەی پەیڤە قەترانیەکان بە دەستمەوە،
:پەلکەی شێعرە زامارەکان دەهۆنمەوە
زریزەی کۆست و کەوتنم،
چیرۆکی بێبڕانەوەی نەسرەوتن و ڕەتبردنم،
هاوار، هاوار
...نەبڕایەوە، بەسەرهاتی برین بارین
هاوار، هاوار
پەل و پۆی هەستم هەڵوەرین
کەچی هێشتا
نیگارێکی بێ ئادگارە
...پۆرترێتی ئەم ئازارە

*

نووکی خامە خوێن پژێنە،
باڵای خەیاڵی بەرزەفڕ
وەک پەراسووی پێکەنینم تێک شکاوە
چاو بۆ خەو نەفرەت دەنێرێ
خەو، ئەو بووکە ڕەش و شوومەم
...ئەمشەو لە چاوان تۆراوە
چاو پڕخوێنە
هەناوم قوڵپی گریانە
ئەمشەو زریان
دڕکەزی پێی دوانزدە سوارەی مەریوانە
ئەمشەو کسپەی شینەشێعرم
ژیلەمۆی پشکۆی غەریبیی حاجی قادرە و
وا لە پێدەشتەکەی کۆیە
ئەسپی زامی
چەپۆکانە

دەستی یاریم بۆ سڕ بووە؟
ویژدان، پەیکەری شەختەیە
هاوار، پاییز!
گەڵارێزان بێ ئامانە...

*

ئەمشەو هاتووم.
لە پەنجەرەی برینێکی گیانی تۆوە
بڕوانمە تاپۆکانی ئەم جیهانە
ئەمشەو هاتووم،
وردە ئاوێنە کۆوەکەم
بڕوانمە باڵای بەرزی خۆشەویستی؛
هاوار... هەتا کوێ ئاسمانە؟
شەرەفکەندی،
تۆگرکان بووی
وەک ژیلەمۆی کوانووی شەوانی زستان بووی
تۆ یادگاری نسکۆ و هەنیسکی برسێتی
منداڵانی کوردستان بووی..
لەم تەرزە تووشی سامەدا
کە داروبەرد جەمیان دێ
نەچنە ریزی قافڵەی کۆچی هەرەسێ
کە مەل عەوداڵی سوانێکە
تاوێ لە ژێریا وەحەسێ،
وەک چۆن مەلیک، سلێمانیی هەتیوبار کرد
وەک شێخ سەعید، دیاربەکر و
قازی، کۆماری ساوای و
سمکۆ شکاکی بەجێ هێشت
تۆش هەر ئاوا بەجێت هێشتین
بە دنیایەک
هەڵپە و هیوا و ئازارەوە
بە کۆڵەباری ئاسۆری
قاسملووی کۆڵەوارەوە...)

*

سەردەمێکی چ سامناکە؛
دەبیە ئاونگ، دەبنە قاقڕ
دەبیە خەرمانی جوتیاران
دەبن بە گڕ...
سەرت دەکەی بە لانی کۆترە باریکە
دەبنە زریان

...لێت دەبنە باشووی ڕەش و دڕ
ئامان گەورەم،
سارده ساڵە، ڕابەرەوە
رابەرەوە و
لە سەر باڵی هەناسەی ساردی ئەم گەلە
وەرگەڕێوە-
وەرگەڕێوە و بەدەم ڕێوە
کوێ گەیشتی، کام مەڵبەندە
کامە شارە، کام دەربەندە
- کام نیشتمانە تەلبەندە
کام زەریایە،
کام هەوارە، نێرگزە جاڕی ئاشتی‌یە و
...شینکەی راستیی لێ ڕواوە
پڕ بە زاری ئەم میللەتە
تف هەڵبدە و
،-تازە هەرگیز ئاوڕ مەدە بەرەو دواوە
ئەمە من نیم تکاکارتم؛
ئەمە کسپەی بن پەنگری بێدەنگییێکە
...مێژوو ی درێژی برینی کوردی ناوە
بۆ سوکنایی سەرمای گیانم،
بە دوای تۆزێ گڕ و تیندا، بۆ ئەنگوستی لە گۆکەوتووی هیواکانم
پەلێ نەما دای نەهێنم،
شاخێک نەما نەی بڕمەوە،
دارێ نەما دای نەپاچم،
...هاوار
کرێوەی برینم،
هاوار...کوانووی کۆنە هەواری بێ تینم،
ئەی خوای بێکەسترینەکان!
دەبێ تا کەی
دەبێ تا کوێ
لە بەفری وەیشوومەی شوومی شەوی نامورادی، ڕاچم!؟
بێ باوەڕی هەموو هەبوونی داگرتووم
هاتوومەتە سەر ئەو بڕوایەی
گاڵە بدەم دڵی سافم
پشت بکەمە ئاییینەکان،
لە سەر تەختەڕێکان لاچم
شوێن شوێن جۆگەی خوێناوی تۆ
بگرمە بەر

سڵاو لە شەهیدانی میکۆنووس

...بیکەم بە ڕێناس و خاچم

*

...شوومە ساڵە

لوتکە و بنار، شاخ و ڕەوەز

...قوڕپێوانە

هۆ کۆنە هاودەمی قەندیل

– کەی دێیەوە

کەی سەرچۆپی

بۆ شێخانیی ئەم خەمانە دەگریتەوە؟

کەی لە پاشکۆی خەونەکانی قاسملوودا

فاڵەبەختێ بۆم شەوانە دەگریتەوە؟

کەی لە نسێی

هەیبەت سوڵتانی باوەڕتا

خوناوکەی زامی ساڵانی

کوێرەوەری دەسڕیتەوە؟

پار، زەماوەندی هاتنەوە و خەنەبەندانی ئامانجت

خوێنە ڕژاوەکەی خۆت بوو،

پار، شەوچەلەی چارەنووسمان

مۆمە کوژاوەکەی خۆت بوو

،..وا ئەوێستاش

لە نێو ژوورە ماتەکەتدا

بزەی سەرماوەزی پارت

...کڵپەی دڵی پێشمەرگانە

هەنیسکی کاتی تەنیاییت

- بۆ شەوگارە خنکاوەکان -

خوڕەی بەفراوی قەندیل و گڕووی کۆرپە و

هەناسەی ساردی دایکانی

...چوار پارچەکەی کوردستانە

*

شەرەفکەندی

لە سەر زاری گوڵاڵە سوورەی برینی

ئەم کوردستانە زامارە

سروودێکیت

هەر دەتلێن و دەتلێنەوە و

(نابڕێیەوە

هۆ برووسکە خوێناوییەکەی خۆرنشینی کوردەواری

شەوەزەنگە و زەنگە شەوە

هاوارێکی نەمەییوە ئەم بێدەنگیە کڕوماتە،

سڵاو لە شەهیدانی میکۆنووس




ئەستێرە گوڵی بەرپێتە،
...هەور میناى خوێناوە و گوڵاوپرژێنی سەر رێتە
رامەمێنە!، رابەرەوە
پشتێنەکەت توندکەرەوە و ملی ئەم هەورازە بگرە
ئەم رێگەیە تەمتومانە - هەستەرەوە!
هەگبە سوورەی خەونەکانت لە کۆڵ بنێ و
بەسوار هەسپی زەردەپەڕت
رچەی کازیوە بشکێنە
لە ئاسمانی هەوراماندا، بە گرمژنی هاوارت
خەو لە مەولەوی بزڕێنە و
لە پریاسکەی بێدادیدا، چەپکە شێعرێک
بکەرە مەشخەڵی رێگات
تا بزانن،
ئەو کەسانەی هەتاو زیندەبەچاڵ دەکەن،
ئازاری کورد هەر یەکێکە،
هەورامان دایکی قەندیلە
زام هەر زامە
کۆڵەکەی شێعری مەولەویش
هەر لق و پۆی داربەڕووە،
عەشقی ئەم خاکە هەر یەکە
...شەرەفکەندیش، قاسملووە
با بزانن،
گەر دارگوێزێکی هەورامان ریشەکێش کەن،
...ئاراراتە، دەزریکێنێ
گەر خەو لە چاوی منداڵی دیاربەکر بتۆرێنن،
..پیرەمەگروون بێشکەی ئازی رادەژێنێ
گەر چاوێکی بوداغسوڵتان هەڵبکۆڵن،
ئەرخەوانێکی سەیوانە،
ئەدا لە شەقەی باڵ و دەفڕێ
لە سابڵاخی گڕ و خوێنا،
...لە چوارچرا سەر دەرێنێ

*

ئەی یاساوڵانی تاریکی،
ئەی جەللادانی پێتەختی شەیتانەکان
پێتان وایە، ئەگەر قەندیل رنووی هێنا
زریان نێختان بە جێ دێڵێ؟
پێتان وایە، تریفەمان لێ زەوت بکەن
خۆریش دەمرێ و

سمی زەردی ناهومێدی
کێڵگەی هیوامان دەکێڵێ؟
...پێتان وایە
بیچمی زریان، بە تەمتومان ئەخنکێندرێ؟
...پێتان وایە
پێتان وایە،
تروسکایی لەو ئاسمانە دەتارێنن،
کە یارانمان،
ئەستێرەی گیانی شیرینی
هەزارانمان
یەکبین، یەکبین
نووری تێدا دەبارێنن؟
*
دەلێ لێ یە و دەلۆلۆیە)
...هاوار، دەنگم بۆ دەرنایە
بەهار کوانێ دەستی سەوزت،
ئەم پاییزە تا تۆقی سەر هەر بەلایە
هەر دەستە چیلەی دۆزەخی
(...دەردیسەری کوردی تیایە
*
ئەی سێبەری پێڵوەکانی قاسملوو،
ئەی رۆحی نەمەیووی قازی،
ئەی ئەسپەشێی
خەونی سەوزی چوارچرای سوور
ئەی هەرەسی پاردەی سنوور
سیاساڵە لەم هەوارە،
ئەمساڵ کەتانی گەردەلوول
برینپێچی جەستەیەکی رەنجەڕۆیە
ئەمساڵ جۆخێنی بێ شەنمان
لە ئامێزی خەزاڵێکی
قژمسینی خەزەڵوەرا دەستەمۆیە
ئەمشەو ژانمان
...سەوزە، بەرزە، گەردنکەشە
...هەوێنی شین و رۆڕۆیە
*
...بەم شەوانە
کەزیەی پەیڤە قەترانیەکان بە دەستمەوە،
پەلکەی شێعرە زامارەکان دەهۆنمەوە:

سڵاو لە شەهیدانی میکۆنووس

* سالار مەحموود، سەرۆکی لیژنەی مافیی مرۆڤی پارلمانی کوردستان،

* هەیئەتێکی یەکیەتیی پارلمانتارانی کوردستان،

* هەیئەتێکی حیزبی شیوعیی کوردستان،

* د. حوسێن کۆچەر ،نوێنەری پەیەدە،

* رئیس الاتحاد الرجال العمال العراقین، مرکز اقلیم الکردستان،

* هێرش مەحەممەد، سەرۆکی یووناتید میدیا،

* مامۆستا فەرهاد عەونی نووسەر و رۆژنامەنووس،

* مەهاباد قەرەداغی، شاعیرو چالاکی بواری مافەکانی ژنان،

* د. جەمشید حەیدەری مامۆستای زانکۆ و نووسەر،

* مامۆستا مومتاز حەیدەری رۆژنامە نووس‌و نووسەر،

* مامۆستا عۆمەر چنگیانی،

* تاریق جامباز، پارێزەر

*پەخشان زەنگەنە سەرۆکی دەزگای باڵای خانمان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان،

* مامۆستا حەمەکەریم هەورامی، نووسەر.

١٨ی سیپتامبری ٢٠١٢

کوردستان و کورد

## لە پارلەمانی بریتانیا رێز لە شەهیدانی میکۆنووس گیرا



ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ئەمساڵ و بۆ جارێکی تر پارلمانی بریتانیا بە هەوڵی تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بو بە مەکۆی یاد و ناوی رێبەرێکی دیکەی هەڵکەوتوی دێمۆکرات، شەهید دکتۆر سادق شەرەفکەندی و بۆ رێز گرتن لە یادی ٢٠ ساڵەی شەهید بوونی ئەو رۆڵە تێکۆشەرەی گەلی ماف خوراوی کورد، قوتابیە تێکۆشەرەکانی، هاورێیانی هاوخەباتی و دۆستانی داخداری ئەو رێبەرە مەزنەی لە باوەش گرت و بە شێوەیەکی شیاو، گەورە پیاوانی بریتانی، کورد، ئێرانی و ئەندام و دۆست و لایەنگرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە وتار و باس کردن لە کەسایەتی و تێکۆشانی ئەو زاتە مەزنە، یادیان بەرز راگرت و رێژیمی تێرۆریست و تێرۆریست پەروەی کۆماری ئیسلامیان ریسوا و شەرمەزارتر کرد.

رۆژی دووشەممە ١٧ سێپتامبری ٢٠١٢ی زایینی کاتژمێر ٦ی ئێوارە، لە ساڵرۆژی کارەساتی میکۆنۆس لە پارڵمانی بریتانیا سێمینارێک بە مەبەستی یادکردنەوە دوکتور شەرەفکەندی، فەتاح عەبدۆلی، هۆمایون ئەردەڵان و نوری دێهکۆردی و لێکۆڵینەوە لە سەر کارتێکەری حوکمی دادگای میکۆنۆس بەرێوە چوو.

پێشوازی چاوەڕوان نەکراوی بەشداران کە رێژەیەکی بەرچاو لە چالاکانی کورد، ئێرانی و بیانی لە ژوری سالۆنەکە و دەستەیەکی زیاتر لە ٧٠ کەس کە بە هۆی نەبوونی جێگا لە دەرەوە ئێزنیان پێ نەدرا کە بێنە ژورەوە، نیشاندەری گرینگی ئەم کۆڕیادە بوو.

پانێلگێرانی ئەم سێمینارە بریتی بوون لە بەرێزان: عەبدوڵلا حەسەنزادە، لۆرد ئێریک ئێفبیری، رۆئیا حەکاکیان، جێرمی کوربین، پەرویز دەستماڵچی، گوڵاڵە شەرەفکەندی و دوکتور عەلیرەزا نوریزادە کە هەر کام لە روانگەیەکی تایبەت باسی ئەم رووداوەیان کرد.

لۆرد ئێفبیری جێگری سەرۆکی کۆمیتەی مافی مرۆڤ لە پارڵمانی بریتانیا دوای بەخێرهێنانی بەشداران، ئاماژەی بە گرینگی باس لە مەسەلەی کورد و یادی دوکتور شەرەفکەندی و دوکتور

## لە ڕێورەسمێکی بە شکۆدا یادی ٢٠ ساڵەی شەهیدانی تێرۆری میکۆنووس بەرز ڕاگیرا



حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی ٢٠ ساڵەی تێرۆری میکۆنوس و شەهیدبوونی دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی ئەو کاتی حیزب و هاوڕێیانی؛ فەتاح عەبدولی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی، هۆمایون ئەردەلان، بەرپرسی کومیتەی حیزب لە ئاڵمان و نوری دێهکوردی، خەباتکاری ئێرانی و دۆستی دێرینی کورد، ڕێورەسمێکی شایانی بەڕێوە برد.

لەو ڕێورەسمەدا کە لە شاری کۆیە و بەبەشداریی سەدان کەس لە کەسایەتی و نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسی و سینفییەکانی ڕۆژهەلات و باشووری کوردستان و کادرو پیشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوە چوو، یادو بیرەوەریی شەهیدانی بێرلین بەرز ڕاگیراو لەگەڵ ئامانجی شەهیدانی سەربەرزی کوردستان، بە تایبەت شەهیدانی مێکۆنووس پەیمان و بەڵێنی وەفا نوێ کرایەوە.

ئەو ڕێورەسمە بەشکۆیە بە سروودی نەتەوایەتی " ئەی ڕەقیب" و ساتێک بێدەنگیی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردو کوردستان دەستی پێ کرد.

لە سەرەتای ئەم ڕێورەسمەدا بەڕێز کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم بۆنەیەدا وتارێکی سیاسیی پێشکەش کرد.

بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرەتای وتارەکەیدا، وێڕای بە خێرهاتن کردنی بەشدارانی ڕێورەسمەکە، بە ئاوڕدانەوە لە بارودۆخی سیاسی ٢٠ ساڵ لەمەوپێشی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و، وەزن و قورسایی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕووی سیاسی و دیپلۆماسییەوە، باسی لە ئامانجی کۆماری ئیسلامی لە تێرۆر کردنی دوکتوور شەرەفکەندی، سکرتێری ئەو کاتی حیزبی دێموکرات کرد.

چۆنیەتی بەڕێوەچوون و هەڵوێستی دادگای میکۆنووس و کاریگەریی بڕیاری ئەم دادگایە لە سەر ڕەوتی تێرۆریزمی نێودەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران، تەوەرێکی دیکەی وتارەکەی بەڕێز کاک خالید عەزیزی بوو.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا لە ڕێورەسمی یادی ٢٠ ساڵەی تێرۆری میکۆنووس و شەهید کرانی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات، بە ئاماژەدان بە تێرۆرو لەسێدارەکانی ڕێبەرانی کورد، لە نێویاندا شەهید سمکۆ شکاک، پێشەوا قازی محەممەدو ڕێبەرانی تێرۆرکراوی حیزب، شەهیدان؛ قاسملوو شەرەفکەندی، باسی لە چۆنیەتی هەڵوێستی دەوڵەتی ناوەندیی تاران لە بەرانبەر داخوازە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان و ڕێبەرانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد کرد.

بەڕێزیان لەم پێوەندییەدا وتی: دەوڵەتی ناوەندی لە ئێران هەمیشە بە تێرۆرو لە سێدارەدانی ڕێبەرانی نەتەوەی کورد، ویستوویەتی دەنگی ئازادیخوازیی ئەم میللەتە کپ بکات. بەڵام هەر وەک تا ئێستا دەرکەوتووە، خەباتی میللەتی کورد ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ لێبڕاوانەتر لە جاران بەرەو پێش هەنگاوی ناوە.

هەر لەم پێوەندییەدا بەڕێز کاک خالید عەزیزی وێڕای ئاماژەدان بە ماهییەتی خەباتی خەڵکی کوردستان وەک نەتەوەیەکی ئاشتیخواز کە مافخوازانە دوای مافە نەتەوایەتییەکانی خۆی کردوە، ڕەخنەی لە بیری تەوایەتخوازی و پان ئێرانیستیی هێندێک لایەنی شوینیزمی ئێرانی گرت کە هەمیشە بە چاوی ئەمنییەتی و بە کەمزانینەوە سەیری داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی کوردیان کردوە.

لەم پێوەندییەدا بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بە ئاماژەدان بە دوایین هەوڵەکانی شەهید دوکتوور شەرەفکەندی کە گیانیشی لە سەر دانا لە مەڕ پێکهێنانی یەکریزی لە نێوان ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و هەروەها ئاماژەدان بە هات و هاواری هێندێک لایەنی پان ئێرانیزم لە دەرەوەی وڵات لە بەرانبەر ڕێکەوتننامەی نێوان دوو هێزی کوردستانی وتی: ئێستاش دوای ٢٠ ساڵ لە هەوڵەکانی دوکتور شەرەفکەندی، بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە بیری پان ئێرانیستی و شوێنیزمەوە، هەوڵیان نەداوە لە خەباتی شەهید شەرەفکەندی و ڕێبوارانی ناوبراو تێبگەن و هەر وا دژایەتی داخوازییە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی کورد دەکەن.

هەر لە دەرێژەی ئەم تەوەرەی وتارەکەیدا بەڕێز کاک خالید عەزیزی، باسی لە داهاتووی ئێران و خەباتی نەتەوایەتیی هێزە سیاسییەکانی کوردو ئێرانی کردو پێداگریی حیزبەکەی لە سەر یەکریزی و لێک تێگەیشتنی نیوان بزووتنەوەی کوردو هێزو لایەنە ئێرانییەکانی دووپات کردەوە.

هەر لە پێوەندی لە گەڵ یەکریزی و تەبایی نێوان هێزە سیاسییەکانی دژبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دا، سکرتێری گستیی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرەتا باسی لە هەوڵەکانی شەهید شەرەفکەندی بۆ یەکریزی و تەبایی لە نێو ریزەکانی حیزب دا کردو، پاشان باسی لە پێوەندی نێوان هەردوو حیزبی دێموکرات کردو بە ئاماژەدان بە دانیشتنی سکرتێرەکانی هەر دوو لای حیزبی دێموکرات، بۆ جارێکی دیکە ئامادەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بۆ چارەسەر کردنی ئەم پرسە دووپات کردەوە.

خاتوو مونیکا تیمن لەو ڕاپۆرتەدا بەوردی تیشکی خستۆتە سەر گیروگرفەکانی سەر ڕێگای دانانی ئەو تابلۆیە لەو سەردەمەدا و کارتێکەری ئەو تابلۆیە لەسەر پێوەندیەکانی ئێران و ئاڵمان .

لەدوایێدا وتارێک لەلایەن کاک مستەفای شەڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی یەکەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بە زمانی کوردی پێشکەشی بەشداران کرا . کاک مستەفا لە بەشێک لە وتارەکەیدا تیشکی خستە سەر جەنایەتی میکۆنووس و لەو پەیوەندیەدا باسی کەمتەرخەمی هێزەسەرانسەری و کوردستانییەکانی کرد، سەبارەت بە بەدواداچوونی بڕیاری دەستگای دادوەری ئاڵمان و محاکمە کردنی سەرانی کۆماری ئیسلامی لە دادگایەکی نێونەتەوەیدا . لە بەشێکی تری قسەکانیدا بەڕێز شەڵماشی، سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی سەبارەت بە پێکهێنانی یەکێتیەکی کوردستانی و سەرانسەی بۆ بەشداران شیکردەوە .

پاشان وەرگێراوی قسەکانی کاک مستەفا، بەزمانی فارسی لە لایەن کاک خالید حەسەنپور ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی پێشکەش بە بەشداران کرا .

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە دا لە لایەن ئاغای مێهدی ئیبراهیمزادە وەک نوێنەری ڕێکخراوی چریکەفیدایەکانی خەڵک- ئەکسەرێت و شاهیدی زیندووی تیرۆری میکنووس وتارێک پێشکەش کرا. ئاغای ئیبراهیمزادە بەدرێژە تیشکی خستە سەر چوونیەتی ڕوودانی ئەو جەنایەتە و جارێکیتر لەبواری مێژوویەوە ئەو ڕووداوەی زیندوو کردوە. ناوبراوو لە درێژەی قسەکانیدا باسی هاوکاری و یارمەتی هێزە و کەسایەتییە سەرانسەرییەکان بە پرۆسەی سەرکەوتنی دادگای میکۆنووسی کردو پێی وابوو کە ئێرانیەکان هەردەم بەڕێزەوە دەڕوانن یادی دکتور شەرەفکەندی و بە ڕێبەرێک ناوی برد کە خاوەنی پتانسێلێکی زۆربوو بۆ یەکخستنەوەی هێزە سەرانسەری و کوردستانییەکان .

پێشکەشکردنی وتارێک لە لایەن دوکتور کەمال سیدوە، بە نوێنەرایەتی لەلایەن کۆمەڵەی بەرگری لە نەتەوە ژێردەستەکان، سەبارەت بە پێکهاتەی نەتەوی و ئاینی لە ئێراندا برگەیەکی دیکە ئەو سمینارەی پێک هێنا. ناوبراو لە وتارەکیدا کە بە ئامێری پرۆژکتۆر پێشکەشی کرد، بە وردی و لە ڕووی ئامارەوە باسی تێکهەڵکێشی نەتەویی و ئاینی و هەروەها پانتای جۆغرافیای هەریەک لە پێکهاتەکانی ئێرانی کرد.

بەشی کۆتایی ڕێوڕەسمەکە تەرخانکرابوو بۆ ڕێپۆرتاژێک کە لە وتووێژی آغای پەرویزی دەستمالچی وەک یەکێک لە شاهیدانی میکۆنووس و هاوسەرەکەی نووری دێهکوردی، وەک یەکێک لە شەهیدانی تێرۆری ڕێسورانی میکۆنووس ئامادە کرابوو.

١٥ی سیپتامبری ٢٠١٢

کومیتەی ئامادەکاری ڕێوڕەسمی ٢٠ ساڵەی شەهیدانی میکونووس

ماڵپەری حدک میدیا




سڵاو لە شەهیدانی میکۆنووس

